خراپ رەفتار کردن لەگەڵ منداڵدا

بیلال ئەبوبەکر موحەمەد

بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی بەردەوام منداڵ بۆتە قوربانی تاوانی گەورەکان، لە رۆژگاری ئەمرۆدا خراپ رەفتارکردنی منداڵ وەك کێشەیەکی کۆمەلایەتی سەردەمە، و هەروەها لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی وەك تاوانێکی سەردەم سەیردەکرێت، ئەم کێشەیە لە رۆژگاری ئەمرۆدا زۆر پەرەی سەندووەو بەربلاوە، ئەویش بەهۆی شکست هێنانی خێزان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی بەهۆی گۆرانە کۆمەلایەتیی و ئابووریی و رۆشنبیریەکان، کە بەگشتی کۆمەڵگا بە خۆوەدەبینێت.

چەمکی خراپ رەفتار کردنی منداڵ (Child Abuse) بەرامبەر بەو دەستدرێژیانە بەکاردێت کە دەکرێتە سەر منداڵ لە ناو خێزان و دەرەوەی خێزان، جۆرەها شێواز و رێگا هەیە منداڵ دەکاتە قوربانی ئەم دیاردەیە چ بەدەست درێژی کردنە سەری یان خراپ مامەڵەکردن یان بەکارهێنانی لە مەبەستە سێکسیەکاندا. لەهەمان کاتدا چەمکی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ وەك ئەو دەستدرێژییە فزیکیانە (جەستەیی) بەکاردێت لە کاتی رەفتار کردن لەگەڵیدا.

بەشێوەکی گشتی دەتوانرێت دووبەش لە خراپ رەفتار کردن جیابکرێتەوە:

1. ئەو مامەڵە خراپانەی لە ناو چوار چێوەی خێزاندا بەرامبەر منداڵ بەکادرێت، دەکرێت بە دوو بەشەوە

- خراپ مامەڵکردنی جەستەیی دەرەنجامی ئەو تێکەڵکارییەی لە نێوان شێوازە کانی پەروەردەکردنی زانستیانەو دەست درێژی کردنە سەری لە رووی جەستییەوە و مامەڵەی نادروست.

- خراپ مامەڵکردنی گشتیانە (جەستەیی، سێکسی،هەڵچوونی -سۆز) لە کاتی بوونی فشارە کۆمەلایەتیەکانی وەك تێکچوون و پشێویە دەروونیەکانی ناو خێزان، بەتایبەت لە لایەن باوك و براکانەوە.....هتد)

2. ئەو مامەڵە خراپانەی لە دەرەوەی خێزان دوچاری دەبێت، وەك بازرگانی بەمنداڵ، کرین و فرۆشتن و فرشاندنی منداڵ و بە کارهێنانی لە بواری بازرگانی سێکسیدا. ...

هۆکارەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگای گەورە (کۆمەڵگا جیاوازەکان Macro):

ئەم فاكتەرانە پەیوەندیان بە بارودۆخە ئاساییەكانی كۆمەڵگاوە هەیە و پەیوەندیان بە كێشە كۆمەڵایەتیەكانی وەكو (هەژاری و نەخوێندەواری و تاوان و هتد...) ەوە هەیە، و ئەم فاكتەرانە دەگرێتەوە:

1. گۆڕانی كۆمەڵایەتی.
2. بەشارستانی بوون
3. كۆچ.
4. گەڕەكە میللیەكان
5. بێكاری.
6. نەخوێندەواری.
7. هەژاری.
8. بەجیهانیبوونی تاوان.
9. كێشەخێزانیەكان
10. نەبوونی تەشریعە یاساییەكان یان ئەكتیڤ نەكردنی.
11. گەندەڵی حكومەت.
12. بیروبۆچوونە هەڵەكان.

1. گۆڕانی كۆمەلایەتی: سەرجەم كۆمەڵگا جیاوازەكان بە كۆمەڵێك ئەستەمیی پێكهاتەییدا تێدەپەڕن پێوەرەكاندا و لە نەریتەكانی كۆمەڵگادا، زۆرجار دەبنە هۆی هەڵوەشانەوە و دروست كردنی كەشێكی نالەباری لادان و تاوانە جۆربەجۆرەكان.

2. بەشارستانی بوون: ژیان لە هەندێك ناوچەدا وەك، گەڕەكە میللیە زۆرەملێیەكان لە چواردەوری شارەگەورەكاندا، زۆربەی كات ئەم گەڕەكانە ماڵە هەژارەكان تیایدا نیشتەجێن، ئەوانەی كەم دەستن لەبەدیهێنان و دابینكردنی پێویستیە جۆربەجۆرەكانی پێشكەوتن، سەرەنجام منداڵەكانیان واز لە خوێندن دەهێنن و بێكاردەبن - یان لەبوارە سێكسیەكاندا كاردەكەن و قۆرغ دەكرێن. ...هتد.

3. كۆچ: چەند فاكتەرێك هەیە دەبنە هۆی ڕوودانی كاری لادەرانەو لە پێناو پڕكردنەوەی پێویستیەكانی شارو كاركردن و ململانێ، منداڵان زۆرترین قوربانیانی ئەم دیاردەیەن.

4. گەڕەكە میللیەكان: ئەم گەڕەكانە سەنتەری داماوی كۆمەڵگاكانن لە كۆبوونەوەی بێ كۆنترۆڵی خێزانەكان و بێ خزمەتەكان پێك هاتووە، بێ بەشن لەزۆربەی خزمەت گوزارەیەكانن، چەندەها نەخۆشی تێدایە وەك نەخوێندەواری و هەژاری نەخۆشیە جەستەییەكان، كاركردنی منداڵی كەم تەمەن دیارترین سیمای ئەم گەڕەكانەیە.

5. نەخوێندەواری: نەخوێندەوای ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لە نەبوونی یان دەست نەكەوتنی كارو پیشە بەتایبەت نەخوێندەواری باوك و دایك، و ئەم دۆخەش چەندەها كێشەی دیكەی لێدەكەوێتەوە وەكو نەبوونی بنەما پەروەردەییەكانی گەشەی كۆمەلایەتیی تاك و ڕۆڵی دەبێت لە خراپ ڕەفتار كردن لەگەڵ منداڵ و كارپێكردنیان لە جۆرەها بوار و تەنانەت بازرگانی پێوەكردنیان.

6. هەژاری: چەند توێژنەوەیەك لەم داوییەدا مەترسیەكانی ئەم دیاردەیەیان خستەڕوو بەتایبەت لە بواری بازرگانی كردن بەمنداڵان و ڕزگاربوون لێیان بە هیوای دابین كردنی ژیانێكی تەندروستی و پەروەردەیی فێركاری باشتر بۆیان، یان ئەوەی زۆربەی كات خێزان ناچاردەبن منداڵەكانیان بخەنە بەر كاركردن، ئەویش لەپێناو بەرز كردنەی ئاستی بژێویاندا، ئەم بەرپرسیاریە پێش وەختە دەبێتە هۆی وازهێنانیان لەخوێندن ودووچاربوونیان بەجۆرەها سوكایەتی لە بازاڕی كاردا.

7. كێشەخێزانیەكان: بەشێكی زۆربی خێزانەكان دووچاری كێشەجۆربەجۆرەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی دەروونی دەبن، كاردانەوەی ئەم كێشانە لەمنداڵانی كەم تەمەندا زیارتر ڕەنگ دەداتەوە و زۆربەی كات دەكەونە بەر خراپ ڕەفتاریەكانی باوان و ژیان بردنە سەرلە ماڵی ئاژاوەدا.

8. نەبوونی تەشریعە یاساییەكان و ئەكتیڤ نەبوونیان: تاوانەكان بە دەقی یاساكان دیاری دەكرێن، زۆربەی كات گەندەڵی لە دەزگا حكومیەكاندا بە جۆرەها تاوانی دیكەوە گرێ دەدرێن، زۆرجاریش پێویست نییە، لەبەر ئەوە ئاسان بوونی تاوانە جۆربەجۆرەكان بەئاشكرا لەناو كۆمەڵگادا

دەبینرێن.

9. گەندەڵی: هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، چ گەندەڵیەکانی خاوەن کارە سپیەکان بن(ئەوانەی لەپش مێزەکانەوە کار دەکەن) یان قۆرغ کردنی دەسەلات بێت، یان بەشداری کردن بێت لە بازاری تاوان، لەناو ئەم جۆرە جیاوازانەی تاوان بازرگانی کردن بە منداڵیش بە ئاشکرا دەبینرێت.

10. بیرو بۆچوونە هەڵەکان: لە هەندێک لە کولتورە جیاوازەکانی دونیادا بیروبۆچوونی هەڵە هەیە مارەسەکردنی سێکس لەگەڵ منداڵدا گەورەکان لە تووشبوون بە ئایدز دەپارێزێت، یان هەندێک جار گوایە یارمەتی چاک بوونەوە دەدات لە نەم نەخۆشیە، لەبەر ئەم هۆیەو داواکاری لەسەر منداڵ بۆئەم کارە زیادی کردووە و بە شێوەیەکی خراپ رەفتار دەکرێت لەگەڵیاندا، وێرای پێشێل کردنی مافەکانیان.

هۆکارەکان لە سەرئاستی کۆمەلایەتی بەش (Micro):

کۆمەڵێک هۆکارن پشت بە هۆکارە کەسی و تایبەتیەکانی تاک دەبەستن هەروەها بەهۆکارەکانی وەک بارو گوزەرانی ژیانی خێزانیان (وەک شلەژانە دەروونیەکان، بێکاری، فشارەکانی ژیان...هتد) ئەم شتانە لەخۆدەگرێت: نەخوێندەواری، نەداریی خێزان، فشارە دەروونیەکانی تاکەکانی خێزان، مێژووی پێشوی خێزانی وەک ئەوەی قوربانی خراپ رەفتار کردن بێت، لەئەستۆگرتنی منداڵ بۆ پەیداکردنی نان و پارە، و بەکار هێنانی منداڵی ناو خێزان بەمەبەستی بازرگانی سێکسی..).

شێوازەکانی خراپ رەفتار کردن:

توندوتیژی و خراپ رەفتار کردن زۆربەی کات لەناو چوارچێوەی خێزاندا روودەدات، کە لە شێوەی کاردانەوەکانی زۆر خراپدا بەسەر منداڵدا دەشکێنەوە، توندوتیژی ناوخۆیی دەرەنجامێکی راستەوخۆی لێدانە فیزیکیەکانە (جەستەیی) یان ئازارە دەروونیەکانی منداڵە، ئەم شێوازە ئازاریانە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کار دەکاتە سەر دایک و باوک و دەرەنجامەکەی پشت گوێ خستنی منداڵ و خراپ رەفتار کردنە لەگەڵ ئەم کائنە.

1. **خراپ رەفتار کردنی جەستەیی** (Physical Abuse):

ئەو رەفتارانەیە کە بە (خراپ رەفتار کردنی جەستەیی) پێناسە دەکرێت تەنها خۆی لە «بەرکەوتنە جەستەییەکاندا» نابینێتەوە وەك بۆکس، گازلێگرتن، سوتان، یان هەر شێوازێکی دی کە ئازاری منداڵ بدات و روداو نەبێت. دوور نییە باوك و دایك یان لێپرسراو مەبەست ئەم رەفتارانە ئەنجام نەدەن ، ئەم بەرکەوتنە جەستەییەنە دەرەنجامی شێوازەکانی پەروەردەکردن بێت و زیادە رۆیی بێت لە پەروەردەکردن و سزادانی جەستەیی و نەگونجاو بێت لەگەڵ تەمەنی ئەو منداڵە.

خراپ رەفتار کردنی جەستەیی بریتییە لە بەکار هێنانی هێز و زیان گەیاندن بە گەشەی منداڵ. چەندێتی ئەو ئازارە بە قەدەر ئەو واتایە رۆڵ نابینێت کەلەپشت ئازار دانەکەوە دەوەستێت واتە بە چ مانایەك ولەبەر چ هۆکارێك ئازاری دەدرێت، شوێنەواری ئازارە جەستەییەکان چاك دەبنەوە، بەلام جێکارە هەڵچوونەکانی ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت.

2. **خراپ رەفتارە هەڵچونەکان (سۆزداری)** (Emotional Abuse):

پێناسەیەك بۆئەم جۆرە خراپ رەفتار کردنە ئاستەمە لە هەردوو روی تێوری و کرداریەوە.

بەلام دەکرێت لە چەند جۆرێکدا کۆی بکەینەوە وەك رەتکردنەی خێزان و کەس و کار بۆ زەردەخەنە بەرووی منداڵ، یان فەرامۆش کردنی قسەکردن لەگەڵیدا، سزادانی رەفتارە ئاساییەکانی بەتایبەتی ئەوانی پەیوەندیان بە رێز گرتنی خودی منداڵەوە هەیە. ئەویش ئەوەیە رێگری بکرێت لەوەی منداڵ کۆمەلایەتی بێت و پشت بەخۆی بەستێت. رەتکردنەوەی منداڵ، جۆرەها جێکاری نێگەتیف لە سەر دەروونی منداڵ جێدەهێڵن وەك دەرکەوتنی چەند رەفتارێکی ناپەسەند لە منداڵدا: دژ بوون و دژایەتی کردنی بەرامبەر و پشت بەستن بە بەرامبەر، تێگەشتنی هەڵە لەسەر خود... هتد)

3. **پشت گوێ خستن** (Child Neglect):

پشت گوێ خستنی منداڵ بە گەورەترین مەترسی هەژمار دەکرێت بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی، دوور نیە ببێتە هۆی مردنی (نەخواردنی خۆراك وەك دەرەنجامێك بۆ پشت گوێ خستن)، پشت گوێ خستن بەوە وەسف دەکرێت کە منداڵ لە پێداویستیە سەرەکیەکانی بێ بەش بکرێت، دوور

نییە ئەم پشت گوێ خستنە فیزیکی بێت (جەستەیی)، یان هەڵچونی بێت یان سۆزداری بێت یان پەروەردەیی بێت.

a) **پشتگوێخستنی جەستەیی** (Physical Neglect). ئەم شتانە لەخۆ دەگرێت، رەتکردنەوە، یان دواکەوتن لە پێدانی چاودێری تەندروستی یان بەجێهێشتنی (Abandonment) یان دەرکردنی (Expulsion) لە ماڵ، و رێگەنەدانی بەگەڕانەوەیی و رێنمایی کردنی بەهەڵە.

b) **پیشتگوێخستنی پەروەردەیی** (Educational Neglect): یەکێك لە شێوەکانی بریتییە لە تۆمار نەکردنی لە قوتابخانە، و گوێ نەدان بە پێداویستیە پەروەردەییە تایبەتەکانی، و رێگەپێدانی بە ئامادەنەبوونی لە قوتابخانە (Truancy).

c) **پیشتگوێخستنی سۆزداری** (هەڵچونی) (Emotional Neglect): ئەم پشتگوێخستنە لە چەند شێوازێکی ناراستەخۆدا دەردەکەوێت وەك مامەڵەی توندو تیژی نێوان ژن و مێرد لەبەردەم منداڵدا، و رێگەدان بەمنداڵ بە خواردنەوەی مادە کهولیەکان و مادە بێهۆشکەرەکان، و نەتوانین بۆ پێشکەش کردنی چاودێریە دەروونیە گونجاوەکان.

لە هەندێك لە توێژینەوەکاندا وەك توێژینەوەکەی (Downing) دەرکەوت زۆربەی حاڵەتەکانی مردن بەهۆی پشتگوێخستنی خێزانیەوە بووە. پشتگوێخستنی منداڵ بەواتای کردارێکی دەروونی دێت، تیایدا پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی رەت دەکرێتەوە، ئەمە دەرەنجامێکە بۆ نشوستهێنانی خێزان بۆ پێشکەش کردن و رێنمایی کردنی واقعیانەی منداڵ، سەرەنجام منداڵ ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێت کە پشت گوێ خراوە لە لایەن خێزانەکەیەوە (Dowing,1978).

گرنگیدان و تەرکیز کردنە سەر لایەنە کانی خراپ رەفتار کردن یان رونتر بڵێین، بەپێی بوارە جیاوازەکانی زانست دەگۆڕێت، پزیشکی شەرعی تەرکیز دەکاتە سەر پێکانە فیزیکیەکان (جەستەییەکان) ی منداڵ، بەڵام پسپۆری کۆمەڵایەتی تەرکیز دەکاتە سەر جێکارە سۆزداریەکانی داهاتوو کە منداڵی دوچاری دەبێت، لەکاتێکدا دادوەر پێناسەی یاسایی ئەم رەفتارە دەکات وەك دەست درێژی کردن.

خراپ رەفتارکردنی سێکسی (Sexual Abuse):

وەك پێناسەکردنێك بۆ ئەم چەمکە، کۆمەڵەی پزیشکی ئەمەریکی (AMA) بەم جۆرە پێناسەی دەکات، «هەموو ناچارکردنێکی منداڵە، لە کاتێکدا منداڵ بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی تیدا نییە هەروەرها بەهیچ جۆرێك توانای پشاندانی رەزامەندی نییە بۆ ئەم کارە» بەم شێوانە وەسف دەکرێت هەڵخەڵاتاندن، بەکارهێنانی هێز، یان ناچارکردن.

ئەم چەند کارانە لەخۆدەگرێت، یاریکردنی سێکسی (Fondling)، ماچ کردنی سۆزداری، یان ئاوهێنانەوەی بەزۆر(Forced Masturbation) یان سێکسی قسەکردن یان پەنجە گوشین یان یان خستنە ناو دەمی ئەندامی نێرینە، یان خستنەناو ئەندامی مێینە، هەروەها لەش فرۆشی منداڵان، بەرەڵایی سێکسی.

پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتوەکان خراپ رەفتار کردنی سێکسیان بەو جۆرە پێناسەکردوە، « رازی کردن یان ناچار کردنی منداڵان (تەمەنی دیاری کراوی یاسایی) بە خستنە ناو چەند رەفتارێکی سێکسیەوە بەرێگایەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەگەڵ یەك کەس یان چەند کەسێکدا ئیتر لەهەر تەمەنێکدا بن، لەگەڵ رەگەزی خۆیان بن یان رەگەزی بەرامبەر، دەبێت بزانرێت پێوانە کانی بەرەڵایی سێکسی جۆراو جۆرن(رەوشتی، رۆشنبیری، سێکسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی) هەروەها بەپێی کۆمەڵگاکان جیاوازیان هەیە هەروەك چەمکی (منداڵ).

تاساڵەکانی حەفتاکانیش خراپ رەفتارکردنی سێکسی لە وڵاتە یەکگرتوە کان دەگمەن بوو، و لە ناوچە هەژار نشینەکاندا زۆر بوو، بەڵام ئێستا ئەم رەفتارە لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریش بوونی هەیە(NRC,1993)، یەك مێ لە ناو 3 مێدا لەخوار تەمەنی 18 ساڵیدا خراپ رەفتاری لەگەڵ دەکرێت، هەروەها یەك کچ لە هەر 4 کچێك لەتەمەنی 14 ساڵیدا، یەك کور لە ناو 6 کوردا خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (Hopper,

.(1997

لەئاسیادا بەلایەنی کەمەوە ملوێنێك منداڵ هەیە کەلە شوێنە جیاوازەکانی وەك شوێنی لەشفرۆشی و بار و شەقامەکان، لەرووی سێکسیەوە قۆرغ کراون، ئەمە وای کرد کۆبونەوەکی نێو دەوڵەتی ساز بکرێت دژی بەکارهێنانی منداڵ لە بازرگانی کردن وەك چێژێکی سێکسی، لە سوید و لە ماوەی نێوان 27-31/8/1996 بۆ وتوێژ کردن لەسەر ئەم دیاردە ترسناکە.نزیکەی 1879 کەس ئامادەی ئەم کۆبونەوەیە بوون، لەناو ئەو ئامادەبووانەدا (718) نوێنەری حکومی ئەمەریکی بوون.

(فیتیت مەنتاربهۆرن Vitit Muntarbhorn وتی «بوار بۆ هەڵبزرکاندن نییە» کەس ناتوانێت نکوڵی لە کێشەی بازرگانی کردن بەمنداڵەوە بکات لە مەبەستە سێکسیەکاندا، ئێستا بوونی هەیە، و لەهەموو دەوڵەتێکی جیهاندا، ئەم خراپ رەفتارکردنە لەناوچە لادێ نشینەکان و هەروەها شارستانیەکانیشدا روودەدات، و لەناو هەموو نەژادەکان کۆمەڵە جیاوازەکاندا و لەئاستە جیاوازەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری. لە (16٪) تاوانەکانی ناچارکردنی سێکسی(هەڵکوتانە سەر) لەو منداڵانەدا روو دەدەن کەتەمەنیان لە شازدە ساڵ تێپەری نەکردوە و لە 50٪ ئەو تاوانانە لەو ناو ئەو منداڵانەدا روودەدات کە تەمەنیان لەخوار هەژدەساڵەوەیە.

0سیستەمی زانیاریەکانی نیشتیمانی بۆ خراپ رەفتارکردن و پشت گوێ خستن پێوانەیەکی نزیکەیی بۆ ئەم دیاردەیە خستە روو (NCANDS,1995) کە 12.6٪ ی سەرجەم خراپ رەفتار کردنەکان، خراپ رەفتار کردنی سێکسی بووە، یان (2) منداڵ لە هەر 1000 منداڵ ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵەوەیە بونەتە قوربانی ئەم جۆرە خراپ رەفتارکردنە.

خراپ رەفتارکردنی سێکسی ئەم جۆرە رەفتارانە لەخۆ دەگرێت، یاریکردن بە ئەندامی زاوزێ، مومارەسە کردنی سێکسی، دەستدرێژی سێکسی کەسە نزیکەکان، ناچار کردن، نمایش کردنی سێکسی، قۆرغ کردنی سێکسی، هەموو ئەم رەفتارانە لەلایەن لێپرسراوی منداڵەکەوە ئەنجام دەدرێت یان لە لایەن ئەو کەسەی پێی دەوترێت (بەخێوکەری منداڵ) یان کەس و کار یان لیپرسراوان، بەڵام گەر لە لایەن کەسێکی بێگانەوە ئەنجام درا ئەوا بەدەست درێژی سێکسی دادەنرێت(Assauh Sexual) و پۆلیس و دادگا مامەڵە لەگەڵ کێشەکە دەکەن، خراپ رەفتار کردنی سێکسی ئەم حاڵەتانە لە خۆ دەگرێت:

1. رەفتاری دەستلیدان.

ئەم کارانە دەگرێتەوە:

- نمایش کردنی ناشایستەی منداڵ.

- خستنە پێش چاوی بابەتە سێکسیەکان لەبەرچاوی منداڵ.

- ناچار کردنی منداڵ بە هەندێك کاری سێکسی.

2. **دەست لێدانی سێکسی**: یاریپێکردن (Fondling).

بە جۆرێك وا لە منداڵ بکرێت دەست لە ئەندامی زاوزێ گەورەکان بدات.

3. قۆرغ کردنی سێکسی ئەم شتانە دەگرێتەوە:

- بەکارهینانی منداڵ لە کاری لەشفرۆشیدا.

- بە کارهێنانی منداڵ بۆ تۆمارکردنی فیلمی سێکسی.